**پەڕاگەندەبوون لە باخچەکانی تاراوگەدا:**
**گفتوگۆیەک لەگەڵ (هەندرێن) نووسەری کتێبی (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)**

سازدانی: بەختیار کەریم
بۆ ماڵپەڕی دەنگەکان



بەشی حەوتەم و کۆتایی

# زانکۆ وێنایەک لە دەسەڵاتی ماریفەیەکی کارا، یان سێبەری بارەگای حیزب؟

"ئەمڕۆ زانکۆی کوردی، کە گوایە سەرچاوەی زانست و ئاسۆیە نوێیەکانی رۆشنبیرین، کەچی، نەک هەر بوونەتە شوێنێک بۆ بێئومێدکردن و دەمکوتکردنی لاوان، بەڵکو ئەو زانکۆیانە بوونەتە سەرچاوەیەکی چالاک بۆ پەروەردەکردنی ساختەچی و پیاوکوژان."
هەندرێن، (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: دەشێت تێڕامان لە زانکۆکانی کوردستان بۆ ئێمە لەم دوورەوە کارێکی هێند ئاسان نەبێت. بەڵام ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێت، ناوبەناو یەکێک لەو مامۆستایانەی زانکۆ خۆیمان لێدەکات بەو فریادرەسەی کە هاتوە دەست بداتە باڵی پێکراوی زانکۆکانی کوردستان و لە قوڕاوی حیزب دەریبهێنێت، لەکاتێکدا ئەم مامۆستایانە خۆیان بەشێکن لە کێشەکە. من ئاگادارم چوونەوەی تۆ بۆ کوردستان هاوشانی ئومێدی دێرینی تۆ بوو بۆ مانەوە و وانەگووتنەوە لە زانکۆدا، بەڵام وەک لە کتێبەکەتدا ئاماژەی پێدەدەیت و ترس و فیغان لە هەناوی من و ئەوانەدا دەچێنیت کە خولیای گەڕانەوەیان هەیە بۆ وڵات، کارکردن لە زانکۆکانی کوردستان هاوشێوەی کارکردنە بۆ دەزگایەکی حیزبی. با لێرەدا سەرنجەکانمان ئاراستەی بەدبەختییەکانی ئەو لاوانە بکەین کە لەو زانکۆیانە و لەبەردەستی مامۆستاگەلێکی وەک (ئەڵوەند دزەیی)دا خوێندن تەواودەکەن. لەم جۆرە لە زانکۆدا وەک هەر کام لە زانکۆکانی دیکەی وڵاتە تۆتالیتارەکان، خوێندکار سەربازە و مامۆستا ئەفسەر و جەلاد. خوێندکار چی فێردەبێت لەژێر چاودێری مامۆستایەکدا کە پێیوایە عەقڵ لە بۆیناخێکی قەڵبدا، کە وەک زمانەگا بە بەرۆکتدا شۆڕبووبێتەوە، بەرجەستەدەبێتەوە؟ پاشان ئەو دوو فاقیەی مامۆستایانی زانکۆ چۆن ببینین، کە لەلایەکەوە ئەوانن کە زانکۆیان کردۆتە درێژکراوەی مەڵبەند و لقەکانی حیزب و گەندەڵییان بردۆتە نێۆ هۆڵەکانی وانەگووتنەوە، لەلایەکی دیکەوە هەموویان خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە دەدزنەوە کە لە ئەستۆیاندایە؟

ئەم پرسیارەم وەک دوا پرسیاری گفتۆگۆکە هەڵبژارد، چونکە بە تێگەیشتنی من تێزی سەرەکی کتێبەکەت دۆزی زانکۆکانی کوردستان و چوونەوەی تۆیە بۆ کارکردن. بۆیە پێم باشە لەپاش وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، وەک کۆتایی و چڕکردنەوەیەکی بابەتەکانی گفتۆگۆکە بە دوا سەرنجی خۆت باباتەکە بەکۆتا بهێنیت. لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ تۆ و بۆ ئەزیزانی ماڵپەڕی دەنگەکان.

هەدرێن: ڕاستە من لەو سەفەرەم بۆ کوردستان، هەوڵمدا ئەگەر بگونجێ لە زانکۆیەک وانە بڵێمەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بابەتە روونتر بێ. دەبێ بە کورتی پشتینەی مەبەستی ئەو خەونەی کە تۆ ئاماژەت پێکرد، بگێڕمەوە. دوای ئەنفالکردنی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسی فاشی روخێنراو، کە ئیتر هێزی پێشمەرگە رووە و ئێران و تورکیا بارگەی پێچایەوە، منیش لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە بە سەفەرێکی شەوڕۆیی لە ئاسایی بەدەر، کە مەگەر هەر لە فیلمی هۆلیوود شتی وا هەبێ، لە لەناو گەرمەی دوا هێرشەکانی ئەنفالەوە، لە نزیک شەقڵاوەوە بۆ دەڤەری باهدینان و لەوێشەوە بۆ تورکیا سەرمان هەڵگرت. دوای ئەوەی لە تورکیاوە تووڕهەڵدراینە ئێران، لەوێشەوە لەسەر سنووری ئێران و سۆڤیەتی کۆن شەوێک بە پیادە بەرەو خاکی تورکمانستان پەڕینەوە. دواجاریش لە فرۆکەخانەی مۆسکۆوە، کە بێئەوەی بزانم بۆ کوێ هەڵدەفرم، گەیشتمە سوێد. لێرەدا نیازم نییە تەواوی ئەو سەرگوزەشتەیە بگێڕمەوە، کە پرە لە پەژارەیی، بەڵکو مەبەستمە بڵێم، کە لە هەولێرەوە جانتام هەڵنەگرتووە بۆ سوێد تاکوو زانکۆ بخوێنم و بگەڕێمەوە، بەڵکو خەونی گەڕانەوەی من لەو پشتینەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو. بۆیە کە گەیشتمە سوێد خەونم ئەوە بوو ڕۆژێک لە رۆژان بە زەخیرەیەکی ماریفییەوە، کە بۆ خۆم بە گرنگی دەزانم، بگەڕێمەوە کوردستان. ئیتر دوای 8 ساڵ پێشمەرگایەتی و دوو ساڵ ژیان لە ئێران و رووسیا و 14 ساڵیش کە لە سوێد بە خوێندن بەسەرم برد، دواجار بە خۆم و خەونەوە گەڕامەوە کوردستان. هاوکاتیش دەبێ ئەوەش بڵێم، کە هەر تەنیا من تووشی ئەو گرفتانە نەبوومە، بەڵکو دەیان کوردی دیکە ئەو ژیانەی منیان بینیووە و دواجاریش کە بە خەونی خزمەتکردنی زێدەکەیان گەڕاونەتەوە کوردستان و لەوێش بە دەست ئەو حیزبانەوە تووشی دەردەسەری لەو جۆرەی من بوونە و دەبن. هەروا مانای ئەوەش نییە، کە من بە "**شۆڕش**"ێکی تایبەت

گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان، ئیتر ئەگەر لە زانکۆ ئیشم کردبا، دار و بەردم دەگۆڕێ و زانکۆم ئاوەدان دەکردەوە.
وەلێ سەبارەت  بەو "فیلمە کۆمیدی/تراژیدییەی کە لە کۆلیژی سۆران و لەگەڵ دختۆر ئەلوەند دزەیی تووشی بووم، کە تۆش دەزانی، من لە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپێ..." و دواجاریش لە وتارێکی تایبەتیشدا بە تێری باسمکردووە، کە لە 2006.7.25دا لە رۆژنامەی "میدیا"دا، بڵاوکراوەتەوە([1]). بۆیە لێرەدا ناخوازم دووپاتەی بکەمەوە. لە راستیدا من لە "گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاروگەدا" وێڕا نەگەیشتم سەرگوزەشتەی "زانکۆی کۆیە"ش بگێڕمەوە، کە بە شێوەیەکی تر، دووبارە بوونەوەی هەمان سەرگوزشتەی کۆلیژی سۆران بوو.
ئەوەی کە دەمەوێ لێرە بیخەمە سەر حیکایەتەکەی زانکۆ ئەوەیە کە، با ئێمە واز لە خەلکی ئاسایی کۆمەڵگای کوردستان بێنین کە زەندەقیان لە بچووکترین "جیاوازی" و بگرە رەفتارێکی ناباویش دەچێ، کەچی کاتێک راگری کۆلیژێکی نوێ، کە گوایە بەرهەمی ئەو حوکومەتە "تاقانە مەدەنی"یەی حیزبی کوردییە، لە دیدارێکدا کە من چوومە لە کاتێکی خێرادا بۆ ئەگەری ئیشکردن لەو کۆلیژە قسانی دەگەڵ بکەم، بەڵام چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگی منی بۆ گرفت بێ. لێرەوە تێدەگەین، کە لە کوردستاندا هەر ئەلوەند دزەیی نییە، کە بۆی عەنتیکەیە تۆ ژیانێکی تایبەتی خۆت، ستایل و تامی جلپۆشینی خۆت هەبێ، بەڵکو بەرتەکی ئەلوەند بەرانبەر ستایلی **جلپۆشین و سادەیی ئاکاری من**، دەربڕین و رەنگدانەوەی کۆی ئەو جیهانبینییە دژە جیاوازییەیە کە لە کوردستاندا باڵادەستە. تۆ لە کوردستاندا، وێڕای ئەو هەموو قسە فڕیدانە بۆ "مەدەنیەت"، بۆت نییە کەیفت بە چی خۆشدەبێ ئەوە بپۆشی و چۆن ئاسوودەی ئەوها بدوێی و روبنیشی... هتد. لە کوردستان مرۆڤ کە مامۆستا یان مەنسوول بێ، بە پۆشینی کراسێکی سپی، شۆڕ کردنەوەی بۆینباخێکی، تۆ واتەنی، "زمانە گایی"، سەگە ترومبێلێک و مۆبایل تەلەفۆنێک، دەبێ بە پیاوێکی ماقووڵ و لێزان. ئەو ئەلوەندە بەڕێزەمان وایدەزانێ من هاتوومە ببمە ئەفسەر و جەنەراڵ لە سەربازگەکەی! ئەم تێڕاوانینەشی لەوەدا دەبینرێتەوە، کە دەیگۆت: "ئەمن مامۆستایەکم دەوێتن کە تەلەبە وەک باوکێک رێزی بگرێ...". ئەو پێی وایە یەک شێوە هەیە بۆ ئەوەی کە "تەلەبە"، وەک سەرباز، یان زیندانی، رێز لە مامۆستایەک بگرێ، ئەویش: **چاکەت و پانتۆڵێک و** ، تۆش گۆتەنی شۆڕکردنەوەی **بۆینباخێکی "زمانە گایی"** بە مل و بەرۆکت. توخوا ئەو ئەقڵە جێگەی گریانە یان پێکەنین؟ ئەنگۆ پێم بێژن، ئەو چەشنە راگرەی کۆلیژ، کە ئەمرۆ وەک ئامر مەفرەزی پۆلیس، زانکۆکان بەڕێوە دەبا، دەتوانن زانکۆ بکەنە سەرچاوەیەک بۆ زانست و زانین، یان مێگەل؟! بە دوا چوونی ئەو بابەتانە لە توانای هەنووکەی من بەدەرە.
بەڵام سەبارەت بە رەوشی زانکۆ، کە تۆش لە هەوڵی ئەوە دابووی پێناسەیەکی بۆ بکەی، دیارە هەموومان، بگرە بە خودی حیزبی کوردی فەرمانڕەوا و زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆکانیشەوە، دەزانین، هەرچەندە ئەوان خۆیان لە ئێمە باشتر باسی ئەوە دەکەن، کە دەبێ زانکۆ دامەزراوێکی مەدەنی گەشاوە بێ و لە دەستێوەردانی حیزبیش بە دوور بێ.  بۆیە ئەگەر بڵێین زانکۆ بنەڕەترین دامەزراوی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە و نابێ بە مجۆرەی کە لە کوردستان دەیبینین بکرێتە بارەگای حیزبەکان، شتێکی نوێمان نەوتووە. لەوەش زیاتر، هەموو باسی ئەوە دەکەن، کە زانکۆی کوردستان دەزگایەکی هەرە گرنگی پەوەردە و سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی و رۆشنبیرییە، بۆیە دەبێ دەرگای ئاوەڵا بێ بۆ هەموو توانایە تازەکان.  بەڵام ئەو قسە و دروشمانەش، وەک هەر دروشم و زۆربڵێییەکانی تری ئەو حیزب و مامۆستایە گەندەڵانە، وەک چارەکردنی کێشەی گەندەڵی و

[1] براوانە لاپەڕە 14ی هەفتەنامەی میدیا لە:
/http://www.yndk.com

نادادپەوەریی، چارەنووسی کەرکوک، دەستپێوەگرتنی ئەنفال و ... هتد، لە بانگەشەگەلێکی چاوەشەکار بترازێ، هیچی تر نین. راستە لەوێ و لێرە مامۆستا داوەتدەکرێ و کاری رووکەشی تر ئەنجامدەدرێ لە ئاستی جۆر بە جۆری زانکۆیەکاندا، راستە هەندێک لە کارمەند و مامۆستا لە خەمی چێتر کردنی زانکۆی کوردین، بەڵام زێدەرۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین، کە زانکۆیەکانی کوردستان لە ئاستی میتۆد، شێوازی خوێندن، شێوازی کار پێدانی مامۆستا بۆ زانکۆ و قەبووڵکردنی خوێندکار لە بەشەکان و پلەی دکتۆرا و ... هتد، بەشێکی کەم نەبێ، ئەگینا هەمووی لە لایەن کادیرانی سەرەوەی ئەو دوو حیزبەوە بەڕێوە دەچن. هەروا بەشی زۆرینەی ئەو وەفد و میواندرایانەی کە بەناوی ئاوەدانکردەوەی زانکۆیەکان کە لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپا و بە پێچەوانەشەوە دێن و دەچن و لە مێدیای ئەو دوو حیزبەش دەڕازێنرێنەوە، بەشی زۆریان، جۆرێکن **لە چالاکی گەشت و گوزار، بازرگانی و بۆیاخکاری**. کێشەی بنەڕەتی زانکۆیەکانی کوردستان هەر بە چوونە دەرەوەی چەند مانگێکی خوێندکار و مامۆستایان و ئەو **هێنان و بردنە**، چارەسەر نابن. ئەو هەوڵە سافیلکەیانەی کە بۆ کۆپیکردن و گواستنەوەی جۆرە میتود و شێوازێک لە زانکۆیەکانی رۆژئاواش لە ئارادایە، ئەوەش جۆرێکە لە وابەستە بوونی ئەو مۆدەی وابەستە بوونەی کە، بە تایبەتی، دوای ئامادەیی دەسەڵاتی ئەمریکاو ئینگلیستان لە کوردستاندا، بەرانبەر رۆژئاوا، زۆر بێتام بووە. زانکۆی کوردی، وێرای پێویستی سوود وەرگرتن لە شێوازی تەکنیکی و میتۆدی زانکۆی رۆژئاوا، دەبێ بە پێی ئەو خواست و پێویستیانەی کۆمەڵگای ئەمرۆی کوردستانەوە، بیر لە دارشتنی میتۆد و نێوەرۆکی سیستەمی پەروەردە بکاتەوە. سیستەمی پەروەردەی زانکۆیەکانی کوردستان، بە گوێرەی رۆژگار و ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان، لە هەر قۆناغێکدا، جۆرە روانگەیەکی نوێ دەکەنە بنەمای سیستەمی پەروەردەیان. دەبا ئەوەش بڵێم، کە من لە خت و خۆڕایی ئەو سەرنجانە نمایش ناکەم، بەڵکو من ساڵێک زیاتر، لە زانکۆی سوێد، بەشی تیوری و پراکتیکی پەروەردەم خوێندووە. لێرە خوێندکار سەرەتا بە دەستپێکردنی سەرتاپای مێژوو و تیۆرییەکانی پەروەردە لە ئەوروپا و ئەمریکادا دەست بە خوێندنێ دەکا، ئەوجا دێتە سەر تیۆر و روانگەکانی سیستەمی پەروەردە لە سوێد. من لە نووسینێکمدا، وەک ئەرکێکی زانکۆ، بە هۆی ئەوەی کە سوێد بانگەشەی کۆمەڵگای فرە کولتووری دەکا، رەخنەم لە سیستەمی پەروەردەیان گرتووە، کە وێرای باڵادەستی سیاسەتی سۆسیال دیمۆکراتی لە سوێد، کەچی تا ئێستاش، ئیدیۆلۆگی و سوێدگەرایی بەسەر سیستەمی پەروەردەیان زاڵە. هەروا خوانەکا مەبەستم خۆهەڵدانەوە بێ، مامۆستا و خوێندکارەکان ئەو روانگەی منیان زۆر پێ خۆشبوو، لۆیێ کەمێکیان پێهەڵدام. جێگەی سەرنجە، کە هەرچەندە من بێگانەم لە سوێد، بەڵام بێننە بەرچاوتان ئەگەر من وەک خوێندکارێک باسێکی وام لەسە زانکۆی کوردستان پێشکەش کردبا، ئاخۆ ئەو مامۆستا و کادیرە حیزبیانە، ئەوها رێزیان دەگرت لە سەرنج و رەخنەکانم؟! ئەمەش رەنگە وابزانم لەو ئاستەی خوێندندا، کەسێک پێش من سەرنجێکی لەم جۆرەی منی لەسەر سیستەمی پەروەردەی سوێدە نەدابوو. هەرێ، مەبەستم لە گێرانەوەی ئەو پێشهاتە، ئەوە بوو بڵێم، کە کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی وەک کورد کە تازە خەریکە بە زمانی خۆی دەخوێنێ، نابێ وا زوو لاسایی ئەم و ئەو وڵاتانە بکاتەوە.

بە دیوێکی دیکەشەوە، ئەمرۆ قووتکردنەوەی ئەو هەموو بەناو زانکۆ و کۆلێژە، نەک هەر لە پێناوی تۆکمەکردنی ئاستی زانین و فراژانی دۆخی شێواوی سیستەمی پەروەردەی زانکۆیەکان نین، بەڵکو ئەو مۆدەیە بەردەوامییەکە لەو دیاردە **بازاڕ ئاسایەی**، کە بەناوی رێکخراوی لاوان، ژنان، گۆڤار و وەشاندنەکان و پاشاگەردانی وەرگێران ... هتد، کە ئەمرۆ لە کوردستاندا، وەک یارییەکی **گەندەڵی**، لە ئارادایە. هاوکاتیش، وەک چۆن لەگەڵ بە هەرمێن بوونی ئەو رێکخراوە بەناو "مەدەنی"یانەش، رەوشی گەنج، ژن، رۆشنبیریی... هتد، بەرەو زیاتر سەرلێشێوان و نابوودی دەچن، بە هەمان شێوەش لەگەڵ زیاد کردنی ئەو زانکۆیانەش ئاستی خوێندکار و نێوەرۆکی سیستەمی پەروەردە لە زانکۆیەکاندا، نزمتر

و ئالۆزتر دەبن. کەواتە، ئەگەر بە زمانی فۆکۆ لە "پەیوەندیی دەسەڵات و ماریفە"یەکی پۆزەتیف/کارا بڕوانین، ئەوکات دەبینین زانکۆیەکانی کوردستان، وەک سەرچاوەی رەهەندێک لەو "پەویوەندی دەسەڵات و ماریفە"یە، هێشتا، **نەک هەر زۆریان ماوە ئەو "دەسەڵاتە ماریفی"یە کارایە. بەرهەبێنن، بەڵکو فرێشیان بەو تێگەیشتنە لە زانکۆ نییە. چونکە ئەوان هەتا هەنووکەش، ماریفە بە هەڵڕشتنی قسە بۆ خوێندکاران و مامۆستای ماریفەداریش بە سێبەرێکی حیزب و لە ملکردنی بۆینباخ و مرۆمۆچی دەپێون.** دواجاریش، ئەگەر زانکۆیەکانی کوردستان **بە مێشکی حیزب بهزرن**، ئیتر زمانی کوردی نابێتە **خاوەنی** ئەو دەسەڵاتە ماریفییە کارایەی، کە هەموو رۆژێ لە جەم سیاستکار و نووسەرانی بانگەشەی بۆ دەکرێ.

لەم کۆنتێکست/ناوکۆییەوە، ئەوەی پێی وایە کە زانکۆیەکانی کوردستان تا ئێستاش بارەگای حیزبەکان نین، چاوەشەکارە. هاوکاتیش ئەوەی پێی وابێ کە میتۆد و ئاستی خوێندنی زانکۆیەکانی کوردستان لە جاران باشترە، بێگومان دەبێ کادیرێکی حیزبی بێ، یانیش بە تەمای پلەی کادیریی بێ. دیارە ئەوانەی کە لە دوای راپەڕینەوە لە زانکۆیەکانی کوردستاندا ناوی دکتۆریان لە خۆیان ناوە، بۆ ئەوەی پلە هەستدارە سەرەکییەکانی زانکۆ داگیر بکەن، بەشی هەرە زۆریان کادیر و مەنسوولی ئەو دوو حیزبەن. هەموو ئەوانەش کە لە دەرەوە بۆ وانە وتنەوە لە زانکۆیەکان گەڕاونەتەوە، بە واسیتەی مەنسووڵە گەورەکانی ئەو دوو حیزبەوە بووە، لەبۆیە هەموویان، ئەگەرچی جار و بار بەناوی هەڵوێست وەرگرتن لە گەندەڵی ناو زانکۆیەکان رەخنە دەگرن، بەڵام باش دەزانین کە خۆشیان چۆن لە کاتی پێویستدا ئەو حیزبە و مەنسوولانە پەسندەدەن کە رێگەیان بۆ هاتنەوەیان خۆشکردووە و لە ژێر دەسەڵاتیان کاردەکەن. بەمجۆرە زانکۆیەکانی کوردستان، وەک بەهادارترین و سەرەکیترین سەرچاوەی زانستی و رۆشنبیریی و پەروەردەیی، شێواوترین و ریسواکراوترین ئۆرگانی کۆمەڵگای کوردین. لێرەدا پێویست بەوە ناکا باسی گرنگی نوێکردنەوەی روح و جەستەی زانکۆیەکانی کوردستان بکەین، چونکە ئەمرۆ کەسێکی نەخوێندەواریش لەوە بە ئاگایە کە ئاستیان چۆنە و چۆنیش بە دەست کادیری گەندەڵ و نەزانی ئەو دوو حیزبەوە وێران بوونە.

دەبا بپرسین: لەو ماوەیەی کە کورد خۆی زانکۆیەکانی بەڕێوە دەبا، بۆ نموونە، لە بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، چەند لێکۆڵینەوە و تێز لەسەر شوێنپێی سیاسەتی"ئەنفال" لەسەر باری کۆمەڵایەتی، دەروونی، هزرینی کورد... هتد، لە ئاستی ماجستەر و دکتۆرادا، پێشکەش کردووە؟

کەواتە، گەلۆ ئەو راستیانەی کە بە پەلە نمایشمان کردن، هەڵبەستراو، یان دژایەتیکردنی ئەزموونی "ساوا"ی کوردستانی باشوورە، کە مەنسوولانی حیزب، وەک "حیکایەتی مێشێ"، کاتێک خەڵکان رەخنان دەگرن، بەو قسانە دەمبەستیان دەکەن؟!

ئەو مامۆستا، راگر و جێگرانەی زانکۆیەکانی ئەمرۆی کوردستان، هەڵبەتە زۆرینەیان، نەک هەر دەرچووی میتۆد و زانیاری کۆن و لە کار کەوتوون، بەڵکو بە هۆی پلە و پایەی حیزبیان و سەرقاڵبوون بە رابواردن و راپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکانەوە، هەرنا هەوڵنادەن کتێبێکی نوێش لەو بوارەی کە بەرپرسیاری ویژدانیان هەیە لە زانکۆ، بخوێننەوە. لەوەش بگوزەرێن، ئەو راگر و بەڕێوەبەرانەی زانکۆیەکان، لە شێواز و ئاستی مامەڵەکردنیاندا هەردەڵێی جەنەراڵ و پۆلیسی بەندیخانەی پیاوکوژەکانن. زۆرینەیان کە قسەیان لەگەڵ دەکەی بە لووتەبەرزیەوە وەڵامێکی داخراوت دەدەنەوە. کە دەیانبینی زوو هەستدەکەی کە ریز و کارامەیی مامۆستایان لە کن نییە.

بەمجۆرە لە ئاکامی ئەو بە مەقەڕکردن و بە حیزبکردنەی زانکۆدا، خوێندکاری ئەمرۆی کورد لە زۆرینەی بوار و بەشەکانی کە خوێندوویەتی، خاوەنی چەند توێژینەوەیەک نییە کە مایەی سوود وەرگرتن بێ. بۆیە بە براوی من، ئەوانەی کە پێیان وایە بە بردنەوەی چەند دکتۆر و مامۆستای جودا لە ئەورووپاوە بۆ زانکۆیەکانی کوردستان و کردنەوەی چەندان زانکۆ، ئاستی خوێند و کێشە قووڵەکانی

زانکۆیەکانی کوردستان چارەسەر دەبن، دیارە یان بەشدارن لەو داڕزاندن و بە حیزبکردنەی زانکۆیەکان، یانیش تەنیا بەرژەوەندی خودی خۆیان بۆ گرنگە، بە دەر لەو سەرچاوانەش، دیارە ئەوانە لە بەهای زانکۆ نازانن. چونکە هەتا ئەو مێشکانەی حیزب ناندەری زانکۆ بن، هەتا زانکۆ بارەگای حیزبان بێ، هەتا کادیر بە واسیتەی حیزبەکەی لە خوێندنی پلەی دکتۆرا قەید بکرێ و دکتۆراش، بێ لێکۆڵینەوەیەکی شیاو، بدرێتە کادیری حیزب، هەتا ژیانی زانکۆ لە دەست حیزب رزگار نەکرێ و نەبێتە دامەزراوێکی بێلایەن و لەو هەموو کادیرە گەندەڵەی حیزبی پاکنەکرێتەوە و ... هتد، سیستەمی پەروەردەی ئێمە، بێجگە لە گۆڕانی لاوەکی و پچڕ پچڕ، گۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەر دانایێ.
وێڕای ئەمەش، ئەگەر پێمان وابێ زانکۆ بریتییە لە جیهانێک کە ماریفە و زانین بەرهەمدەهێنێ، کەچی ئێمە دەزانین کە لە ئەوروپادا لە هەر بەشێک لە بەشەکانی زانکۆیەکانی ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین، رۆژانە دەیان کۆڕ و گفتوگۆیان تیادا دەکرێ، ئەی باشە مانگانە لە زانکۆیەکانی کوردستاندا، بە تایبەتی کە ئێستا کورد رووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی وەک، دادگایکردنی سەددام و جەلادەکانی، کێشەی کەرکوک، هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر پەکەکە و باشوور...هتد، چەند کۆڕ و گفتوگۆی هەمەجۆر پێشکەش دەکردرێ؟ گەلۆ ئەمساڵ ئەو بابەت و تێزە گرنگ و نوێیانە چین کە زانکۆیەکانی کوردستان بەرهەمیان هێناوە؟ دواجاریش نابێ دڵسۆزی ئەو مامۆستایە کەمانەی، بۆ نموونە ماندوونەناسێکی وەک، عەزیز گەردی و نموونەکانی دیکەی وەک وی، ناو زانکۆیەکانی کوردستان فەرامۆش بکەین، کە بێگومان لە ئاستی توانا و پایەی خۆیان ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بڵێم، کە مەرج نییە ئەو زانیاریانەی کە لەو گفتوگۆیەدا لێی دواین، هەر هەمووی نەوترا و نوێ بن، بەڵکو، لە روانگەیەکی ویژدانی و ئێتیکییەوە، لە کۆمەڵگایەکی هەمیشە فریودراوی وەک ئێمە کە گەندەڵی و خولیای تالانکردنی یادەوەریی پێکهات و ئاوەزی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئاراستە دەکا، دەبێ بێوچان جەخت لەسەر ئەو قەیرانە کوشندانە بکەینەوە کە هۆکرد و سەرچاوەن لەو کۆخەونکوژەی کوردان. هەروا لە کن من، ئامادە بوونی ناوی ئەو نووسەر و خەڵکە بەرێزانەی تر، هەرگیز پەیوەندی نییە بە کێشەیەکی کەسایەتی من و ئەوانە و ژیانی تایبەتی خۆیان، بەڵکو من هەوڵمداوە لەم گفتوگۆیەدا، ئاوەلا بدوێم و نرخی ئاوەڵایی و بەڵگەداری لە گفتوگۆیەکەماندا خەجتبکەمەوە. ئەگەریش کەسێک بە ناو هێنانی قەڵسە، دەبێ بمانبەخشێ.

هەر لێرەشەوە، پێم خۆشە ئەوە بە یاد خوێنەری ئەزیز بێنمەوە، کە خوازیارم تەنیا لە روانگەی کەسایەتی و ئیدیۆلۆگییەوە، دیمەن، بیرۆکە، ناوی کەسە بەرێزەکان... هتد، کە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا" چنیونیەتەوە، نەخوێنێتەوە و هەڵنەسەنگێنێ، بەڵکو پێم خۆشە ئەو کتێبە، وەک باخچەگەلێک، نمایشێکی شەپۆلاوی لە ئاوێتەکردنی ناڵە، تریقانەوە، زایەڵەی گوڵنەرەکانی شوێنپێی یادەوەریی و زمانی شوێنەکان، بخوێنێتەوە. شیعرەکانیش بە نۆرەی خۆیان، زرینگانەوەیەکن لە شەپۆڵدانی نێوان شوێنکاتی رابردوو و ئێستا، چرکردنەوە، یان حەسانەوەی نیگایەکانی تاراوگەن لە گەشتە وێڵەکانیاندا. بۆیە لە کن من، لە پێناوی ژیان وەبەردانەوەی یادەوەریی، ئەوەندەی خەمی نمایشکردنەوەی رازانکاریانەی گوڵنارەکانی شوێنپێیەکان گرنگن، هێندە خودی کەس و بابەتەکان... هتد، گرنگ نین. دەبا ئەوەش بڵێم، دەکرێ ئەو کتێبە وەک رەشنووسی تەرزە رۆمانێکی ئاوێتە لە بەڵگە و خەیاڵاندن، لە گێڕانەوە و شیعریەت... بخوێنەرێتەوە.

لە کۆتایشدا سووپاس و ماندوو نەبوون لە تۆ و ئەو میوانداریییەی ماڵی دەنگەکان دەکەم.

تێبینی
هەر ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەخوازێت ئەم بابەتە دووبارە بڵاوبکاتەوە، دەتوانێت بۆ وەرگرتنی مافی کۆپیکردن پەیوەندی بکات بە:

ماڵپەڕی دەنگەکان لە:

dangakan@yahoo.ca
goran@dengekan.com

یان بەختیار کەریم لە:

bakhtyarkarim@hotmail.com